**بەشی ڕاگەیاندن /**
Presseabteilung
Tel: 0040 30 300114617
015777950693

## چاوپێکەوتنی بەڕێوەبەری مەکتەبی هەڵبژاردنەکانی عێراقی لە ئەلمانیا لەگەل نوێنەرەکانی قەوارەی سیاسی لە ئەلمانیا

لەسەر داواکاری بەڕێز هیشام سهیل، بەڕێوەبەری مەکتەبی ئەلمانیا سەمینارێک لەگەل نوێنەرە قەوارە سیاسیەکانی عێراقی لە ئەلمانیا کرا. لەسەر ئەم داواکاریە نوێنەرەکانی قەوارەی سیاسیەکان کوبونەوە. ئەوانەی لەلایەن قەوارەکانەوە لە کومیسیونی بالا راسپێردە کرا بوون، کە ببن بە نوێنەرەکانیان، هەروەها ئەوانەی هێشتا نەسپێردرا بوونیش. پاش ناساندن و پێشکێشکردنی بەڕێوەبەری مەکتەب و بەڕێز قولو خودێدا بەرپسیاری قانونی خویان بەناسین دا بو ئامادەبویان پاشان بەڕێوەبەری ئەلمانیا لەسەر کار و خەباتی مەکتەبی ئەلمانیا ئاخاوتنێکی کرد وە باسی ئەو کارانەی کرا کە تا ئێستا بە شێوەیێکی سەرکەوتو ئەنجامیان داوە بو ئامادەکاریەکانی پێویست بو کاری هەلبژاردن و دەستنیشانکردنی چاودێران بو مەکتەب و هەرچوار بنکەی دەنگدان لە ئەلمانیا، وە باسی رێگەپێنەدانی دەولەتی ئەلمانیا کرا کە رێگە نەدا چەند بنکەی تر زیاد بکەن، هەروەها باسی چاوپێکەوتنی کارکەرانی بنکەکان کراو لەسەر وەرگرتنیان بە پێی مەرجەکانی پێویست. هەروەها لە ژێر چاودێریەکی راستەوخو، هەروەها باسی دەستپێکردنی پەروەردەی کە ئامادەکاری خویان وەربگرن بو هەلبژاردن، چەند تێبینیێک لەسەر کوسپەکانی تا ئێستا کەوتونەتە بەر رێگای ئیشکردنیان وە باسی چونیەتی بەشداریکردنی هەلبژاردنەکان کرا، و چ وەسیقەیێک پێویستە کە دەنگدەر لەگەل خوی بیبەت بو دەنگدان. هەرچەندە بە پێی ئەم مەرجانە دیاریکردنی لەسەر وەسیقەیێکی عێراقی باوەڕپێکراو پێویستە لەگەل دەنگدەر بێت ئەبێتە هوی نەبەشداربونی ژمارەیێک لە هاولاتیانی عێراقی لەدەرەوە، بەلام پێویستە پێگری پێ بیکەین. هەروەها لەسەر رولی قەوارەسیاسیەکانی بو سەرکەوتنی هەلبژاردنەکان بە گرنگی زانی و هەولدانیان بو بەشداریکردنی زوربەی عێراقیان لە دەنگداندا وە دانی زانیاریەکانی پێویست لەسەر هەلبژاردن بە روحیەتێکی نیشتیمانیەوە بو بەرزکردنی ناوی عێراق.

لەسەر ئەم کومبوونە نوێنەرە قەوارە سیاسیەکان هەندێ پێشنیار و رەخنە لە کومیسیونی هەلبژاردن مەکتەبی ئەلمانیا کرد کە پەیوەندییان لەگەل نەکرایە، هەروەها لەسەر کارکردن لە هەرچوار بنکەکانی دەنگدان و هەندێ پسیار لەسەر وەسیقەکانی پێویست بو دەنگدان، لە کوتای داوا لە هەموو نوێنەرەکانی قەوارەی سیاسی کرا کە بەزوترین کات ناوی نوێنەرە چاودێرەکان بینوسن بو وەرگرتنی ناسنامەی چاودێری سیاسی لە بنکەکانی دەنگدان پێش 2 ی ئادار. بەم شێوەیە کومبونەکە بە شێوەیێکی سەرکەوتو کوتایێ پێهات.

بەشی راگەیاندن مەکتەبی ئەلمانیا
24.02.2010

Email: Ocv_Germany@yahoo.com